# نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کۆبووەوە




بەیانیی ئەمڕۆ شەممە 2024/2/17 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا، لەگەڵ دەیڤد کامیرۆن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم لەراگەیەندراوەکدا باویکردووە:- لە کۆبوونەوەکدا دەربارەی دوایین پێشهات و ئاڵنگاریيەکانی لە عێراق و ناوچەکە ناوچەکە و هەڵوێستی هاوبەشی نێوان هەردوولا دید و تێڕوانینی خێیان لەسەر پێشهاتە ئەمنییەکان و بڕیارەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و کاردانەوەیان، شێ لە غەزە و دەخی شاڕاوی ناوچەکە و هەڵوێستی ناوچەکە خستەڕوو. لەمبارەیەوە جەختیان کردەوە کە تێشنەسندنی زیاتری ئاڵیزیەکان، مەترسی و هەڕەشەی جددی لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە دروست دەکات.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکدا، هاریکاریی هاوبەشی بەریتانیا و هاوپەیمانیی نودوودەتی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دەخی ئەمنی و سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان، مەترسیيەکانی داعش لەسەر عێراق و سووریا و پرسی کەچی نایاسایی باس کران.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پابەندیی وڵاتەکەی بە بەردەوامیی هاوکاری و پشتگیری لە عێراق و هەرێمی

کوردستان و بڕوودان بە پەیوەندیەکان دووپات کردەوە،لای خۆیەوە سەرکی هەرێمی کوردستان ستایشی پشتگیری و هاوستی بەریتانیای بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد